# دیكامیرۆن و بۆكاچیۆ
## دوو ناوی مەزنی ئەدەبیاتی ئیتاڵی

دانا فایەق






### بەبۆنەی وەرگێڕانی شاكاری (دیكامیرۆن) بۆ سەر زمانی كوردی

(دیكامیرۆن) یەكێكە لە بەناوبانگترین شاكارە ئەدەبییەكانی جیهان و زیاد لە شەش سەدەو نیو لەمەوبەر لەلایەن نووسەر و شاعیری ئیتاڵی (جیۆڤانی بۆكاچیۆ)وە نووسراوە، رەنگە كەم زمانی دونیا مابێ (دیكامیرۆن)ی بۆ وەرنەگێڕدرابێ و كەم كتێبخانەی جیهانی هەبێت ئەو شاكارەی تێدا نەبێت.

وەك چۆن كتێبخانەی كوردی تا ئێستا لە زۆر شاكاری گەورەی جیهانی بێبەشەو زۆر زۆرن ئەو كتێب و سەرچاوانەی كە دەبوو گەلێك پێشتر وەرگێڕو زمانزانانی كورد وەریانبگێڕایەو بیانخستایەتە كتێبخانەی كوردییەوە، بە هەمانشێوە تا چەند هەفتەیەك لەمەوبەر كتێبخانەی كوردی لە شاكاری (دیكامیرۆن)یش بێبەشبوو، خۆشبەختانە ئەو شاكارە لەلایەن وەرگێڕ (دلێر میرزا)وە كرا بە كوردی و لە چەند رۆژی رابوردوودا كەوتە كتێبخانەی كوردییەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە وەرگێڕ بكەین بۆ ئەو هەڵبژاردنە زیرەكانەیەی لە كاری وەرگێڕاندا، كە نەیویست لەوە زیاتر خوێنەرو كتێبخانەی كوردی بێبەشبێ لەو كارە مەزنە.

گرنگیی ئەم شاكارە لەوەدایە كە تا ئێستاش جێگەی گفتوگۆو مشتومڕی رەخنەگرانەو زۆر لایەنی ئەو كارە بەردەوام قسەی لەبارەوە دەكرێت و بۆچوونی تازەو جیاوازی لەسەر دەگوترێت. ئەمە جگە لەوەی بۆ سەردەمی خۆی جۆرێكی تازە بووە لە نووسینی كاری ئەدەبی و هەندێك لە رەخنەگران بە یەكەمین رۆمانی دادەنێن لە جیهاندا. ئەگەرچی ئەو بۆچوونە بۆچوونێكی لاوازەو زۆربەی رەخنەگران (دیكامیرۆن) وەكو رۆمان نابینن، بەڵام هەموویان كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەم شاكارە شێوازێكی جیاواز و هەنگاوێكی نوێ و تازەگەرییانە بووە لە ئەدەبیاتدا.

## جیۆڤانی بۆکاچیۆ کێیە؟

دەربارەی کات و شوێنی لەدایکبوون و ژیانی شاعیرو نووسەر ئیتاڵی (جیۆڤانی بۆکاچیۆ) چەند راو بۆچوونێک هەیە، بەڵام ئەوەی پێدەچێ لە هەموان راستتربێ و رای زۆرینەیە، ئەوەیە کە لە نێوان مانگی حوزەیران و تەمموزی ساڵی ١٣١٣ لە ئەنجامی پەیوەندییەکی نا شەرعی و لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی لە (چیرتالدۆ)ی فلۆرەنسا لەدایکبووەو باوکی یەکێک بووە لە بازرگانەکانی فلۆرەنسا. دواتر و لە ساڵی ١٣١٩دا (بۆکاچیۆ دی چیللینۆ)ی باوکی، خاتوو (مارگرێتا دی ماردۆلی)ی هێناو پاشان کوڕێکیان بوو ناویان نا (فرانشیسکۆ). لەدایکبوونی (فرانشیسکۆ) کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر هەست و دەروونی (بۆکاچیۆ)ی منداڵ و زرِبرای، هەندێک پێیان وایە لەوەوە بۆکاچیۆ رقی دروستکردووە بەرامبەر باوکی. لە تەمەنی شەش ساڵیدا بۆکاچیۆ خرایە بەر خوێندن و لە تەمەنی هەرزەکاریدا وانەی ئەدەبی کلاسیکیی لاتینیی خوێند. لەپێناو دوارۆژی کورەکەیدا چیللینۆ نەیویست بۆکاچیۆی کوڕی تەمەنی لە ئەدەبیاتدا بە هەدەر بدات و ساڵی ١٣٢٧ بە مەبەستی بازرگانی، هەروەها فێربوون و خوێندن لە بواری بازرگانی و بانکیدا ناردی بۆ ناپولی. سەرەتا لە بەشێک لە بەشەکانی کۆمپانیای (دی باردی) دایمەزراند، بەڵام بۆکاچیۆ لەو ئەزموونەدا سەرکەوتوو نەبوو و پاش شەش ساڵ، شکستی هێنا لە کارەکەیدا. دواتر و لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا باوکی ناردی بۆ خوێندنی (یاسای کەنیسە)و لەوێش شەش ساڵ مایەوە، بەڵام لەو ئەزموونەشیاندا شکستی هێناو سەرکەوتوو نەبوو، لەوەوە بۆکاچیۆ بۆی دەرکەوت کە جگە لە ئەدەب بەکەڵکی هیچی تر نایەت. خۆشترین ساتەکانی تەمەنی بۆکاچیۆ ئەو ساڵانەبوو کە لە ناپولی بەسەری بردو لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی گەشە بە توانا ئەدەبییەکەی خۆی بدات، هەروەها کۆمەڵێک بیرمەند و ئەدیب و مامۆستای بەناوبانگی ئەو شوێنەی ناسی، کە کاریگەری و رۆڵی گەورەیان بینی لە گەشەکردن و پێگەیاندنی توانا ئەدەبییەکانی بۆکاچیۆدا، بەڵام ئەو ساتە خۆش و پەیوەندییانە چەند ساڵێک درێژەی کێشاو تا سەر نەبوو، چونکە باوکی رێگربوو لەوەی کورەکەی ببێ بە شاعیرو نووسەرو ساڵی ١٣٤٠ بردییەوە بۆ فلۆرەنسا. لەو سەردەمەدا باوکی بۆکاچیۆ رووبەڕووی زەرەرێکی زۆری دارایی بووبووەوەو نەیدەویست لەوە زیاتر باری داراییان بەرەو خراپی بچێت، بۆیە دەیویست بە هەوڵی خۆی و کورەکەی هەر نەبێ دۆخەکە بەو شێوەیە رابگرن و هێندەی تر لێیان تێک نەچێ، بەڵام بۆکاچیۆ نەیتوانی هیچ سودێکی ببێ بۆ ئەو دۆخە دژوارەی باوکی و خێزانەکەیان تێی کەوتبوون و بۆ خۆیشی ناخۆشترین و بێزارترین رۆژەکانی تەمەنی تێپەڕاند. هەر لەو سەروبەندەداو لە ساڵی ١٣٤٨دا باوکی بەهۆی پەتای (تاعوون) ەوە مرد، بە مردنی ئەو بارودۆخی دارایی خێزانی بۆکاچیۆ هێندەی تر تێکچوو. لە ساڵانی دواتردا بۆکاچیۆ دوانزە کارو پیشەی جیاوازی دۆزییەوە، بەڵام لە هەموویاندا شکستی هێناو نەیتوانی سەرکەوتووبێت. دواجار هەموو هەوڵەکان خۆیی بۆ دونیای ئەدەب تەرخانکردو توانیی چەند هەنگاوێکی مەزن بنێ لەو بوارەدا. لە نێوان ساڵانی ١٣٤٠-١٣٤٧ کۆمەڵێک کاری ئەدەبیی بەرهەمهێنا، لەوانە (Elegia di Madonna Fiammetta، Fiesole Ninfale، Ninfalek florentinian ....). ئەم کارانە بوونە هۆی ئەوەی ناو و ناوبانگی بۆکاچیۆ زیاتر بڵاوبێتەوەو هەر لەو سەردەمەدا هەوڵی شارەزابوون و ناسینی ئەدەبیاتی یۆنانیی دا و دواتر بە باشی فێری زمانی یۆنانی بوو، بە درێژایی تەمەنی خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەو زمان و ئەدەبیاتە.

لە نێوان ساڵانی ١٣٤٨-١٣٦٧ کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر ژیانی بۆکاچیۆدا هات و لەو ماوەیەدا چەند شوێنێکی گۆڕی بۆ نیشتەجێبوون، لەوانە (ڤینیسیا،

ناپولی، فلۆرەنسا) و دواتریش گەڕایەوە بۆ زێدی لەدایکبوونی و لەوێ نیشتەجێبوو، هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. لەو ساڵانەدا چەند بەرهەمێکی مەزنی تری ئەدەبیی نووسی، کە ناوبانگی زیاتریان بەخشی بە (بۆکاچیۆ)و خستیانە ریزی ناوە گەورەکانی دونیای ئەدەب، گرنگترینیان شاکاری (دیکامیرۆن)بوو، کە ٤-٥ ساڵی تەمەنی بۆ نووسینی ئەو شاکارە تەرخانکردو دواتر بووە هۆی ئەوەی ناوی بۆکاچیۆ تاهەتایە بە نەمری بمێنێتەوە.

(بۆکاچیۆ) لە ژیانی ئەدەبییدا کۆمەڵێک کەس و هاوڕێی هەبوون کە کاریگەریی تەواویان هەبووە لەسەر بەرهەمەکانی و هەندێک لەو کەسانە تا کۆتایی ژیانی پەیوەندییان هەبووە لەگەڵیداو ئەو کاریگەرییەیان بەردەوامبووە، ئەوەی لە هەموان زیاتر کاریگەریی هەبووە لەسەری شاعیری ناوداری ئیتاڵی (فرانشیسکۆ پیترارک) بوو، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بۆکاچیۆ بووەو ساڵی ١٣٥٠ بۆ یەکەمین جار یەکیان بینی، بۆکاچیۆ زۆر سەرسامبوو بە شیعرەکانی و گەلێکیش خۆشحاڵبوو بەو یەکتربینینە، هەر ئەمەبوو وایکرد پەیوەندییەکەیان بەردەوامبێ و ساڵی دواتر بۆ جاری دووەم یەکتریان بینییەوە، جگە لە سێیەمین یەکتربینینەوەیان کە لە ساڵی ١٣٥٩دا بوو لە شاری میلانۆ، ساڵی ١٣٦٣ش بۆکاچیۆ تایبەت بۆ بینینی ئەو چوو بۆ ڤینیسیا، جیا لەو یەکتربینینانە، لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنی نامەوە پەیوەندییان بەردەوامبوو تا کاتی مردنی (پیترارک)، کە ماوەیەک بەر لە مەرگی بۆکاچیۆ کۆچی دوایی کرد. کەسێکی تر کە زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی بۆکاچیۆ، خاتوو (ماریا دی ئەکینۆ- کچی ناشەرعیی پاشای ناپولی) بوو. بۆکاچیۆ لەو سەردەمەدا ماریای ناسی کە لە ناپولی دەژیاو بە تەواوەتی شەیدای بوو، دواتر خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروستبوو. ئەو خۆشەویستییە تا کۆتایی ژیانی بەردەوامبوو و کاردانەوەی زۆریشی دایەوە لە نووسینەکانی بۆکاچیۆدا. جگە لە ئەدەبیاتی گەورە نووسەرانی یۆنانی، (کۆمیدیای ئیلاهی)ی دانتی یەکێکە لەو تێکستانەی کاریگەریی زۆر زۆری هەبووە لەسەر ژیان و بەرهەمی (بۆکاچیۆ)و بەتایبەت لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بەردەوام دەیخوێندەوە.

لەپاڵ کاری ئەدەبیدا، بە مەبەستی بژێویی ژیانی خۆی و خێزانی (بۆکاچیۆ) چەند کارێکی حکومی و ئیداریی کردووەو بەهۆی کاریگەری و جێگە دەستی لە بواری خزمەتکردن بە ئەدەبیاتی وڵاتەکەی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەوە ریزی تایبەتی لێ نراوەو کۆمەڵێک پۆستی جیاجیای لە بواری دیبلۆماسی و بەڕێوەبردندا خراوەتە بەردەست، بەڵام ئەو سەرەتا سەرجەم پۆستەکانی رەتکردووەتەوە، دواجار پۆستی (ئەندامی ئەنجوومەنی شار)ی قبووڵکردووە، پاشان لە سەفارەتی رۆمانیا کاریکردووەو چەند ساڵێکیش باڵیۆزی پاپا ئۆنسنسیۆی شەشەم و پاپا ئۆربانۆی پێنجەم بووە لە ئەڤینیۆن. هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی رزگاربوونی بۆکاچیۆ و خێزانەکەی لەو قەیرانە داراییەی کە لە سەردەمی باوکی بۆکاچیۆدا تێی کەوتبوون و تا مردنی بۆکاچیۆش خێزانەکەیان هەر لەو قەیرانەدا مانەوە.

لەپاڵ ئەو دۆخە سەختەی رووبەڕوویان بووبووەوە لەڕووی داراییەوە، کەچی (بۆکاچیۆ) توانیبووی کتێبخانەیەکی گەورە پێکەوەبنێ، کە پڕبوو لە کتێبە گرنگ و دەگمەنەکانی ئەو سەردەمەو لە بەناوبانگترین کتێبخانەکانی ئەوکاتەبوو، هەروەها لە ساڵی ١٣٦٠ەوە ماڵەکەی خۆیی کرد بە یانەیەکی رۆشنبیری بۆ نووسەرو ئەدیبان، دواتر بوو بە مەڵبەندێکی توێژینەوەی دەقە کلاسیکییەکان، بەتایبەت ئەدەبیاتی کلاسیکیی یۆنانی، چونکە وەک وتمان بۆکاچیۆ خۆی زۆر سەرسامبوو بەو ئەدەبیاتەو بەهۆی شارەزاییشی لەو زمانەدا، دەیتوانی کارە ئەدەبییەکانی گەورە نووسەرانی یۆنان راستەوخۆ لە یۆنانییەوە بکات بە ئیتاڵی.

ساڵ لە دوای ساڵ بارودۆخی دارایی بۆکاچیۆ بەرەو خراپی دەچوو، بۆیە بڕیاری دا ناپولی بەجێ بهێڵێ و چوو بۆ لای (پیترارک)ی هاوڕێی لە ڤێنیسیا، بەڵام لەوێش ئەوەندە نەمایەوەو گەڕایەوە بۆ (چیرتاڵدۆ) زێدی لەدایکبوونی. لەپاڵ خراپبوونی بارودۆخی دارایی، بارودۆخی تەندروستیشی وردە وردە بەرەو خراپی دەچوو، بەتایبەت لە دوای ساڵی ١٣٧١ەوە، ئەمە وای لێکرد بڕیاری گۆشەگیری بدات و واز لە پەیوەندییەکانی بهێنێ لەگەڵ دەورووبەردا، ئەو چەند ساڵەی تەمەنی کە ماوە تەرخانی بکات بۆ تێرامان و قوڵبوونەوە لە ئاین، بەڵام دواتر داوای لێ کرا کە ببێت بە مامۆستای پسپۆڕ لە دانتی و بەرهەمەکانیدا، بۆکاچیۆ بە خۆشحاڵییەوە ئەو کارەی قبووڵکردو چەند مانگێک بەردەوامبوو لەسەری، بەڵام دواتر بەهۆی تێکچوونی بار تەندروستییەوە نەیتوانی درێژە بەو کارەی بدات و وانەکان وەستان.

بۆکاچیۆ لە تەمەنی (٦٢) ساڵیداو لە ٢١ی دیسەمبەری ١٣٧٥دا کۆچی دوایی کرد، دوای خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی مەزن و داهێنەرانەی جێهێشت، کە تا ئێستاش و دوای شەش سەدەو نیو لە مەرگی ناوی (بۆکاچیۆ)یان بە زیندوویی هێشتووەتەوە.

**دیکامیرۆن، شاکارێکی هەمیشە زیندوو**

ساڵی ١٣٤٨ (تاعوون) وەکو دەردێکی ترسناک بە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبووەوەو ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی لەناوبرت. بەربڵاوی و ترسناکیی دەردەکە کاریگەریی تەواوی لەسەر خەڵکەکە دروستکردبوو، بەجۆرێ سەریان لێ شێوابوو هێزی بڕیاردانیان پێ نەمابوو. بەشێکی زۆری ئەو شپرزەیی و سەرلێشێواوییە رووی کردبووە خەڵکی فلۆرەنساو هەر یەکەی قەناعەتێکی هەبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەردەکە. هەندێکیان بە کۆمەڵ لە ماڵێکدا کۆدەبوونەوە، کە پێیان وابوو ئەو نەخۆشییەی تێدانییەو خۆیان سەرقاڵ دەکرد بە سەماو گۆرانییەوەو بە هیچ جۆرێ باوەڕیان بە دوورکەوتنەوەو هەڵاتن نەبوو. هەندێکی تریان زیادەڕەوییان دەکرد لە مەیخواردنەوەداو تەواو خۆیان بێئاگا دەکرد لە دەوروبەر، پێیان وابوو ئەوە چارەسەری راستەقینەی دەردەکەیە!. هەندێکیش پێیان وابوو (هیچ دەرمانێک هێندەی هەڵاتن لە دەردەکە باشتر نییە...)، کەم نەبوون ئەوانەی کە ئەو بۆچوونەی دواییان هەبوو و هەڵاتن بۆ شوێنەکانی دەوروبەر، بەڵام لەناو ئەوانیشدا زۆربوون ئەو کەسانەی دەرمانی هەڵاتنیش فریایان نەکەوت و تیاچوون.

گەورەیی و ترسناکیی دەردەکە بەجۆرێک بوو، رێگەی ئەوەی نەهێشتبووەوە کەسەکان فریای یەکتری بکەون، کەمبوون ئەوانەی ئەمردن و کەسێک هەبێت خەمیان بخوا، بە دەگمەن لاشەی مردوو ئەبرا بۆ کەنیسە.... هەندێک لەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە رۆژانە روویان دەکردە کەنیسەی (سانتا ماریا نۆڤیلا)و نزایان دەکرد کە یەزدان رزگاریان بکات و ئەو دەردەیان لەکۆڵ بکاتەوە. رێکەوت حەوت خانمی تەمەن (١٨-٢٥) ساڵی لە سوچێکی ئەو کەنیسەیەدا کۆکردەوە، کە خزمایەتی و دراوسێیەتی پێکەوەی ئەبەستنەوەو هەموویان سەر بە خێزانە خانەدان و سەنگینەکانی فلۆرەنسا بوون. ئەوان بە پۆشاکی ماتەمینییەوە سەرقاڵی نزاو پاڕانەوەبوون، دواتر لە سوچێک دانیشتن و خەم و بێزاری لەبارەی ئەو دۆخە دژوارەی ناوچەکەیان تێیکەوتبوو تاکە بابەتی گفتوگۆو قسەکردنیان بوو. بۆ ماوەیەک هەموویان بێدەنگبوون و نەیاندەزانی رێگە چارە کامەیە، (پامپینیا) کە گەورەترینیان بوو بێدەنگییەکەیانی قۆستەوەو کەوتە قسەکردن بۆیان، بە رێکەوت پێشنیاری هەڵاتن بەرەو گوندەکانی دەورووبەری بۆ کردن و لێی پرسین: (ئیتر ئێمە لێرە چی ئەکەین؟.. چاوەڕوانی چی ئەکەین؟.. خەو بە چییەوە ئەبینین؟.. بۆچی ئێمە، سەبارەت بە تەندروستی و رزگاربوونمان، لەوانی کە تەمەڵترو سستترین؟.. ئایا خۆمان لەوان بە کەمتر ئەزانین؟.....). دواتر

وتی: (بابچین بە داوێنپاکی لە کێڵگەی گوندەکانا بژین کە هەموومان هەمانەو لەوێ خۆمان نغرۆی ئاهەنگ و رابواردن و کەیف و سەفا بکەین، بێ ئەوەی سنووری ئەقڵ ببەزێنین...). هەرهەموویان قسەکانی (پامپینیا)یان بەلاوە باش و پەسەندبوو، تیایاندابوو دەیوسیت بە زووترین کات و لەگەڵ چوونەدەرەوەیان لە کەنیسەکە، راستەوخۆ ملی رێگە بگرن و بەرێکەون، بەڵام (فیلۆمینا) کە لە هەموویان وردتربوو، رووی تێکردن و وتی: (ئێمە هەموومان ژنین و ژنێ نییە ئەوە نەزانێ کە هەرگیز چەند ژنێک بێ پارێزگاری پیاو، ناتوانن خۆیان بڕیار لەسەر خۆیان بدەن.... ئێمەی ژنان حولحولین و شپرزەین، دوودڵین، دڵ بە خورپەو ترسنۆکین، بۆیە من گومانم هەیە، ئەگەر رێنمایەکی پیاومان لەگەڵا نەبێ، لەوەی ئەم تاقمە بەر لەوەی پێشبینی بکەین، بە شێوەیەکی ناپاکانە پەرتەوازە ئەبین....). بێگومان هەموویان قسەکەی ئەویان سەلماندو بە درووستیان زانی، بەڵام لەو بارودۆخەدا دۆزینەوەی پیاو کە هاوڕایان بێ و یاوەریی ئەو هەڵاتنەیان بکات تا رادەیەک کارێکی دژوارو ئەستەمبوو، چونکە جگە لەوەی پیاوی زۆربەیان بەهۆی دەردەکەوە مردبوو، خۆ ئەگەر پیاوێکیش لە خێزانی یەکێکیاندا مابێتەوە، پەرتەوازەبووەو زەحمەتە بدۆزرێتەوە، نەشدەکرا پیاوی بێگانە لەگەڵ خۆیاندا ببەن. ئەوان سەرقاڵی باسکردنی ئەو کێشەیە بوون، لەناکاو سێ کوڕی گەنج خۆیان بە کەنیسەکەدا کردو بەدوای هاوڕێ کچەکانیاندا دەگەڕان. لەناو ئەو حەوت خاتوونەدا سێ کچەکە هەبوون کە کوڕەکان بەشوێنیاندا دەگەڕان. لەبەر ئەوەی کوڕەکان کەسانی باش و بەڕەوشتبوون، کچەکان داوایان لێ کردن کە هاوکاریان بن بۆ ئەو بڕیارەی داویانەو هەموویان رێککەوتن لەسەر ئەوی پێکەوە بڕۆن و فلۆرەنسا جێبێڵن. کچەکان لەگەڵ چەند کارەکەرێکیان و کوڕەکان لەگەڵ خزمەتکارەکانیان بەرێ کەوتن، دوای کەمتر لە دوو میل گەیشتنە ئەو شوێنەی پێشتر لەسەری رێککەوتبوون. شوێنەکە ئەکەوتە سەر بەرزاییەک و رێگەی هاتوچۆی لەسەرنەبوو، درەخت و رووەکی زۆری لێبوو و کۆشکێکی شاهانەش لەسەر بەرزایی تەپۆڵکەیەک بوو، کۆشکەکە باخچەی جوان و کانیاوی سازگارو شەرابی کۆنی تیادابوو.. ئەوان چوونە کۆشکەکەوەو یەکەمین کاریان ئەوەبوو کەسێک وەکو بەرپرس دەستنیشانبکەن، بۆ ئەوەی هەموویان گوێڕایەڵی بن و ببێت بە سەرپەرشتیاریان. بە کۆی دەنگ (پامپیتیا)یان دەستنیشانکرد. یەکەمین کاری (پامپیتیا) ئەوەبوو بانگی خزمەتکارو کارەکەرەکانی کردو ئیشوکاری ناو کۆشکەکەو ئامادەکردنی خواردن و پاککردنەوەی شوێنەکانی پێ سپاردن، هەروەها داوای لێکردن جگە لە هەواڵی دڵخۆشکەر، هیچ هەواڵێکی تریان پێ نەگەیێنن. ئەو شەوە تا درەنگانێک گۆرانییان وت و سەمایان کرد، بۆ سبەینێ هەر (نۆ) کوڕ و کچەکە لە دەوری (پامپینیا) کۆبوونەوەو ئەویش کەوتە قسەکردن بۆیان. لە قسەکانیدا پێی وتن ئێمە هەر جۆرە یارییەک بکەین دواتر بێزار ئەبین، ئەوەش جگە لەوەی خۆشحاڵیی ئەو کەسە تێک ئەدات کە یاریی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها خۆشحاڵیی کەسەکانی تریش تێک ئەدات کە سەیریان دەکەن، بۆیە باشترە بە حیکایەتخوانی بیگوزەرێنین...

زۆر بە کورتی ئەمە بیرۆکەی سەرەکیی شاکاری (دیکامیرۆن)ە، دواتر هەر (١٠) گەنجەکە رێکدەکەون لەسەر ئەوەی هەر شەوەی یەکی حیکایەتێک بگێڕێتەوەو لە ماوەی (١٠) شەودا بەهەموویان سەد حیکایەت ئەگێڕنەوە، بۆ هەر شەوەی بیرۆکەیەک دەکەن بە بابەتی سەرەکیی حیکایەتەکان و هەڵبژاردن و سەرپەرشتیکردنی دانیشتنەکانیش بە نۆرەیەو هەر شەوەی یەکێکیان ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆکاچیۆ لەنێوان ساڵانی (١٣٤٩-١٣٥٣) ئەم شاکارەی نووسیوەو (دیکامیرۆن) بە زمانی یۆنانیی کۆن واتا (دە رۆژ). لەناو حیکایەتەکانی ئەو ١٠ شەوەدا ئاشنادەبین بە

زۆرێک لە کولتوورو دابونەریت و هەڵسوکەوت و ململانێ و گوزەران و گەلێک لایەنی تری ژیانی ئەو سەردەمە ئیتاڵییەکان.

گرنگیی دیکامیرۆن لەوەدایە کە تا ئەو سەردەمە شێوازی لەو جۆرەی نووسین لە کاری ئەدەبیدا نەبووەو بۆکاچیۆ بە ڕێچکەشکێنی ئەو شێوازە دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاش لای رەخنەگران بە تەواوی ئەو کارە یەکلایی نەکراوەتەوەو نەیانتوانیوە لە خانەیەکی ئەدەبدا پۆلێنی بکەن. هەندێکیان بە سەرەتاو یەکەمین رۆمانی دونیای لە قەڵەم دەدەن و هەندێکی تر پێیان وایە ئەم کارە نەیتوانیوە بە تەواوی قۆناغی رۆمانس تێپەڕێنی و ناکرێت وەکو رۆمان بیبینین، ژمارەیەکی بەرچاویش لە رەخنەگران وای دەبینن کە (دیکامیرۆن) نە رۆمانەو نە رۆمانسیشە، بەڵکو لە دەرەوەی کۆمەڵە چیرۆک ناکرێت ناوێکی تری لێ بنرێت. هەر کامێک لەم بۆچوونانە راستبن و هەر ناوێک لەو کارە بنرێت و لە هەر خانەیەکدا پۆلێن بکرێت، لە مەزنیی کارەکە کەم ناکاتەوەو گرنگ ئەوەیە (دیکامیرۆن) کۆمەڵێک گۆڕانگاریی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ناو دونیای ئەدەبەوە، کە کاریگەریی هەبوو نەک تەنها لەسەر ئەدەبی ئیتاڵی، بەڵکو لەسەر ئەدەبی هەموو جیهان و دواتر چەندین نووسەر لەسەر ئەو شێوازە کاریان کردو بەرهەمیان نووسی.

بۆکاچیۆ بەبێ ترس و گوێدان بە کاردانەوەی دواتری ئەو کەس و لایەنانەی کارەکەیان بەدڵ نابێت، وەک چۆن باسی لە لایەنە جوان و رووناکەکەی ژیان و کۆمەڵگەکەی کردووە لەو قۆناغەدا، بەهەمان شێوە، وەکو چاوێکی تیژو کەسێکی هەقبێژ باسی تاریکی و ناعەدالەتییەکانیشی کردووە، کە ئەم لایەنە زیاتر رووی دەسەڵات و پیاوانی کەنیسەی گرتووەتەوە، هەر ئەمەشە وای لە دەسەڵاتی کەنیسە کردووە (بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواتردا) چەند جارێک هەوڵی قەدەغەکردنی ئەو شاکارە بدەن و نەهێڵن چاپبکرێتەوە، یان هەوڵی سانسۆرکردن و لابردنی بەشێکی بدەن کە بەدڵی ئەوان نییە، لەنێوان ساڵانی ١٥٥٩-١٥٨٢ چەند جارێک هەوڵی لەو جۆرە درا، بەڵام دواتر هەوڵەکان شکستیان هێناو (دیکامیرۆن) بە سەلامەتی رزگاری بوو، بێگومان بەشێکی ئەو رزگاربوونە پەیوەندیی بەو خزمەتە زۆرو بەرچاوەوە هەیە کە ئەو شاکارە گەیاندوویەتی بە زمان و ئەدەبی ئیتاڵی.

یەکێک لە لایەنە سەرنجراکێشەکان کە لەو کارەدا دەبینرێت، عاشقبوونی (بۆکاچیۆ)یە بە ژیان و مانەوە. ئەو ژیاندۆستییە لای هەر (١٠) کەسێتییە هەڵاتووەکان بە باشی دەبینرێت و خودی هەڵاتنەکەیان پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە نایانەوێت بمرن و ژیان و مانەوەیان هەڵبژاردووە، یەکەمین داواکاریشیان لە خزمەتکارو کارەکەرەکان، کە پێیان دەڵێن (جگە لە هەواڵی دڵخۆشکەر هیچ هەواڵێکی تر نەگەێنن)، لایەنێکی دیاری ژیاندۆستی و رەتکردنەوەی مردنەکەیانە. پێدەچێت ئەو ژیاندۆستی و حەزی مانەوەیە هاندەرێکی باشی (جیۆڤانی بۆکاچیۆ) بووبێت بۆ نووسینی (دیکامیرۆن)، ئەگەر وا نەبوایە زەحمەتبوو ئەو مرۆڤە داهێنەرە بتوانێ تا ئەم سەردەمە درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و کەسێک نەبوو لە ئێستادا بزانێت لە شەش حەوت سەدەی رابووردوودا مرۆڤێک بە ناوی (بۆکاچیۆ)وە ژیاوە!.

***دێڕی ناو کەوانەکان لە وەرگێڕانە کوردییەکەی [دلێر میرزا]وە وەرگیراوە.**

